REWAN

ڕێوان

هەفتەنامەیەکی روناکبیری سەربەخۆیە
سەنتەری راگەیاندنو روناکبیری ژنان دوو هەفتە جارێ دەریدەکات

١ی حوزەیرانی ٢٠٠٧

ژمارە (١٤٩) ساڵی حەوتەم

An Independent Cultural Newspaper Published Twice a month by Women's Media and Education Center

پاش ئەوەی ژنێك بەناوی شەوبۆ رۆژی ٢٠٠٧/٥/١٣ کوژررا و تاوانباران هەڵاتن. باوکی شەوبۆ سەردانی روناك رەوف ی بەرپرسی سەنتەری راگەیاندن و روناکبیری ژنانی کردو داوای لێکرد کە هاوکاری بکات بۆ دەستگیرکردنی تاوانباران بە تایبەت کە فەرمانی دادوەر هەیە بۆ دەستگیر کردنیان و بەرپرسی سەنتەر بەڵێنی هاوکاری تەواوی پێداوە.

# بریکاری وەزیری ناوخۆ پرۆژەی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنانی راگەیاند



لەگفتوگۆیەکی کراوەی تایبەت بەتاوتوێکردنی کێشەی کوشتنی ژنان لە کوردستان، لیوا (ئەحمەد موسا) بەهاوکاری سەنتەری راگەیاندنو روناکبیری ژنانو بەبەشداری نوێنەرانی رێکخراوە مەدەنیەکان، پرۆژەی دامەزراندنی دەزگایەکی تایبەت بۆ بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنانی راگەیاند.

لە کۆبونەوەی رۆژی ٢٠٠٧/٥/٣٠ کە لەهۆڵی سەنتەری راگەیاندنو روناکبیری ژنان سازکرابو، بریکاری وەزیر لەگەڵ نوێنەرانی رێکخراوە مەدەنیەکانو هەڵسوڕاوانی مافەکانی ئافرەتو رۆشنبیران باسی لە شێوازو میکانیزمی کارکردنی ئەو دەزگایە کرد، هەر لە بەداواداچونی تۆمەتبارانو دەست نیشان کردنی هۆکارەکانی تاوان و جەختیشی کردەوە دەرگای گفتوگۆو پێشنیار والآیە بۆ دەوڵەمەند کردنی پرۆژەکە.

دامەزراندنی دەزگایەك بۆ کەم کردنەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان لە کوردستان هاوکاتە لەگەڵ بەرز بونەوەی رێژەی کوشتنی ژنان و راگەیاندنی راپۆرتی ساڵانەی نەتەوە یەکگرتوەکانە کە تێیدا ئاماژە بە پیشێلکاری بەمافی مرۆڤ و کوشتنی ژنان کراوە لە کوردستان.

**لەلاپەرە(٥)دا ریپۆرتاژێك لەم بارەیەوە دەخوێنیتەوە.**

## منداڵان رێپێوانێک ساز دەکەن

کۆمەڵێك لە منداڵانی شارۆچکەی سەیدسادق بەمەبەستی نارەزایی دەربڕین لەنەبونی خزمەتگوزاری تایبەت بە منداڵان رێپێوانێکیان ساز کرد.

رێپێوانەکە رۆژی پێنچ شەممە ٢٠٠٧/٥/٣٠لە گەڕەکی حەسار بۆ بەردەم بەرێوەبەرایەتی ناحیەی سەیدسادق بە رێکەوت.

توانا شارەزوری سەرپەرشتیاری رێپێوانەکە بەرێوانی راگەیاند "بیرۆکەی رێپێوانەکە لەلایەن منداڵان خۆیانەوە بوەو نزیکەی ٧٥-١٠٠ منداڵ تێیدا بەشداریکردوە".

شارەزوری رونیشی کردەوە کە منداڵەکان یاداشتنامەیەکیان بەدەستی خۆیان نوسیوەو پێشکەشی بەرێوەبەری پۆلیسی سەیدسادقیان کردوەو تێیدا داوا دەکەن، شاری یاریان بۆ دروست بکرێتو بەشداربن لە پارلەمانی منداڵانی کوردستانو هەوڵبدرێت بۆ ناردنە دەرەوەی منداڵانی نەخۆش بەمەبەستی چارەسەر کردنیان.

بینەرێکی ئەو رێپێوانە بە رێوانی وت" ئەگەر چی گەشبین نیم، بەڵام هەنگاوێکی باشەو بۆ یەکەم جاریشە منداڵانی سەیدسادق بەکارێکی واهەستن" بینەرەکە ئەوەشی ووت کە" سەیدسادق یەکێکە لە شارۆچکە فەرامۆش کراوەکانی کوردستان کە بەهیچ شێوەیەك ئاوڕی لێنەدراوەتەوە".




## شارۆی کۆمەڵی ئیسلامی داوای لێبوردن لە ئارایشتگاکان دەکات

بەرنامەی شارۆ پاش ئەوەی لە ئەڵقەیەکیدا باسی لەوە کردبوو کە ئارایشتگاکان بەدرەوشتی بڵاودەکەنەوە، بەرنامەی ناوبراو لەنامەیەکدا داوای لێبوردنی لە ئارایشتگاکان کرد. بە پێی هەوالێکی ژمارە (١٤٧) ی رێوان بەرنامەی شارۆ کە لە رادیۆی کۆمەڵی ئیسلامیەوە پەخش دەکرێ، لە ئەڵقەیەکدا چوار چیرۆکی بڵاوکردۆتەوە کە ئاماژە بون بۆ ئەوەی ئارایشتگاکانی ژنان بەدرەوشتی بڵاو دەکەنەوە ،لە هەوالێکی ژمارەی دواتریش دا هاتوە کە ئارایشتگاکان ئیمزایان کۆکردۆتەوەو داوای دادگایی کردنی بەرنامەکە دەکەن.

لەو نامەیەدا کە کۆپیەکی ئاڕاستەی رێوان کراوە، هاتووە (چیرۆکەکان لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان رویان داوە، بۆیە داوای لێبوردن دەکەین لە خاوەنی ئارایشتگاکان و ئەو کەسانەی کەسەردانی ئارایشتگاکان دەکەن).

**لە لاپەرە ٢ دا دەقی نامەکە بخوێنەرەوە.**

## پەرلەمانی ئەفغانستان ئەندامێتی ژنە پەرلەمانتارێکی هەڵپەسارد

پەرلەمانی ئەفغانستان بەزۆرینەی دەنگ بڕیاری لەسەر هەڵپەساردنی ئەندامێتی (مەلا لی جویا) دا.

لەکۆبونەوەی گشتی پەرلەمانی ئەفغانستان لەناوەڕاستی مانگی ٢٠٠٧/٥ دا (مەلا لی جویا) جگە لەهەڵپەساردنی ئەندامێتی، مافی سەفەرکردنیشی لێقەدەغەکرا.

بڕیارەکەی پەرلەمان پاش ئەو راگەیاندنانەی (جویا)بووکە لەمیدیاکانەوە بەتوندی رەخنەی لەئەندام پەرلەمانتارەکان گرتبوو و بەگەندەڵ وەسفی کردبوون.

بەپێی هەواڵەکە لەسایتی هەڵوێستدا بڵاوکراوەتەوە، زۆربەی زۆری پەرلەمانتارانی ئەفغانستان لەسەر بنەمای دەنگی ئازاد، نەهاتونەتە پەرلەمان، بەڵکو بەپێی دەسەڵاتو رەچاوکردنی پێگەی عەشیرەتەکانیان کورسییان پێدراوە.

